


Preview sample - page 1 of 3 - Soran University Academic Digital Library



ناوی نوێ بۆ نەوەی نوێ

ناماده‌کردنی : نارام محه‌مه‌د

تایپ : شاخه‌وانی که‌ریم هه‌ژار و پشتیوان

پێدا چوونه‌وه‌ی : پشتیوان

ساڵی چاپ : ٢٠٠٧/٢٠٠٦ کوردستان

تیراژ : هه‌زار وێنه

نۆبه‌تی چاپ : چاپی چوارەم و پێنجەم

ژمارەی سپاردن : ﴿ ٤٥٥ ﴾ پێدراوە

مافی چاپ پارێزراوە بۆ نێوەندی بڵاوکردنەوەی نارام

Preview sample - page 2 of 3 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی :

لە ڕاستیدا نازانم چۆن ناولێنانی مرۆڤ دروست بووە و لە چ کاتێکدا ئەم بیرۆکەیە هاتۆتە کایەوە بەڵام منیش وەک ئێوە هەست بەگرنگی و چاکی ئەم بیرۆکەیە دەکەم چونکە ئەمڕۆ هەموو مرۆڤێك مافی خۆیەتی ناو و نازناوی تایبەتی خۆی هەبێت . من پێم وایە کاتێك مرۆڤ کارەکانی زیادی کردووە و لەبەر ناسانکاریی ژیان پەنای بردۆتە بەر دانپێدانی خێزان ، ئەوکاتەش بیری لە ناو لێنانی ئەندامانی ئەخێزانەکەی کردبێتەوە بۆ جیاکردنەوەی ئەندامەکانی ئەو خێزانەی کەتیایدا دەژی ..... کە ئەمڕۆش پێش لەدایك بوونی هەر منالێك دایك و باوکی ناوی بۆ دەدۆزنەوە و لەبیری ناوێکی شیاودا دەبن بۆی ... نەك ئەمەش هەندێك هەن هەر لەسەردەمی دڵداریانەوە ناوی منالەکانیان دیاری دەکەن . کەواتە ئەمڕۆ ناو گرنگی تایبەتی خۆیی هەیە و پێو یستە دایك و باوك بزانن نەوە و منالەکانیان ناو دەنێن چی . پێو یستە ئەوە بزانن کەدەبێ ناوێکی شیاو و خۆش و مۆدێرنەی لێ بنێن و ئەو ناوەش زادەی ووشە و پیتەکانی زمانی خۆیان بێت و ناوێکی نەتەوەیی بێت واتە دەبێ ئیدی ناوی منالەکانمان کوردی بن نەك لەخۆشەویستی ئایین و فکرە و هەر بابەتێکی ترەوە ناوێکی بیانی بۆ منالەکانمان هەڵبژێرین چونکە ئەوە ئێمەین کە تەواوی بەرپرسیاریەکانی منالەکانمان لەئەستۆدایەو دەبێ نەك بەس ناولێنانەکەی بەڵکو بیر لەوەش بکەینەوە کە ئیدی نەوەی ئایندەمان پێویستیان بە پەروەردەیەکی مۆدێرنەو دەبێ بەهەموو شێوەیەك کارناسانی ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشەیان بۆ بکەین کە بە خۆمان نەکرا . دەبێ بەهۆی سیستەمێکی پەروەردەیی بالاوە پێیان بگەیەنین تا لە گەورە بوونیاندا دوو چاری لادانی ئەخلاقی نەبن و ببنە ئەو خشتانەی کە بناغەی فیکر و دەوڵەتی کوردی پێوویستیانە . ببنە ئەو کوڕ و کچانەی کەمژدەی سەرکەوتن و سەربەستی و نازادی بۆ میللەت و نیشتیمانەکانیان دێنن . تا ڕەنجی دایك و باوکیان و وەك کورد دەڵێت شیری دایکیان پێ حەلاڵ بێت . بە ئومێدی گەورە بوونی ئەومنالانەم . دەست خۆشی لە دایك و باوکی ئەو منالانە دەکەم کە خەم خۆری نیشتیمانیانن .....

شاخەوانی کەریم هەژار

پایزی ٢٠٠٤ سلێمانی

Preview sample - page 3 of 3 - Soran University Academic Digital Library